www.kurdistannet.org
28-1-2006 9:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# شارەمێرووله‌یەک ڕێڕەوی شەقامێک دەگۆڕێ!!! ... ئەندازیار نەریمان مەلا محمد گەلاڵی



جارێک لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانی هەواڵێک سەیر (بە لایەنی کەمەوە بۆ ئێمە) بڵاو کرابۆوە ئەویش ئەوە بوو کە کاتێک ئەندازیار و کارمەندانی بواری ڕێگاوبان خەریکی جێبە جیکردنی کاروباری هەڵکەندن و پڕکردنەوە و راستکردنەوە بوون بۆ دروستکردنی شەقامێکی دەرەوەی شار تووشیان بوو بە تووشی شارە مێروولەیەک!! ئەوەی شایانی باسکردنە لێرە ئەوەیە کە لەو وولاتە بەر لە دەستپێکردنی کارەکانی دروستکردنی ڕێگا سەرەتا ئەو خۆڵەی کە دەکەوێتە سەر پانتایی ڕێگاکە و بە قووڵایی 20 سانتیمەترێک هەڵدەگرن و دەیگوازنەوە شوێنێکی تر تاکوو ئەو پە ین و ماددە بە سوودانەی کشتوکاڵی کە لە خۆڵەکەدا هەن بە فیرۆ نەڕۆن و نەکەونە ژێر قیری ڕێگاکە، پاش وەستاندنی کار و ئاگادار کردنەوەی دەزگای تایبەتمەند بە پاراستنی ژینگە تیمێکی تایبەتی ئەو دەزگایە بە پەلە گەیشتە شوێنی مەبەست بۆ لێکۆڵینەوەو تێڕوانین. لەئەنجامی لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە ئەو مێروولانەی لەو شارە مێروولەیەن لە جۆرێکی زۆر نایابن (نادر) و گواستنەوەی شوێنەکەیان مەترسی دەخاتە سە ر گیان و بوونیان! بۆیە بە بێ هیچ دوو دڵیەک بڕیاری وەستانی شەقامەکیان دا تا ئەو کاتەی چارەسەریەک دەدۆزرێتەوە. لەئەنجامی ئەو بڕیارە هەردوو وەزارەتی پەیوەندیدار بۆ ئەو مەبەستە کۆدەبنەوەو دەگەنە ئەو بڕیارەی کە ئاڕاستەی ئەو شاقامە بگۆڕن بە شێوەیەک کە هیچ کاریگەریەکی نەرێنی نەخاتە سەر ئەو شارەمێروولەیە!. ئەو هەڵوێستە خۆی لە خۆیدا قیەمی شارستانی هەست بە لێپرسینەوە نیشان دەدات بۆ پاراستنی هاوسەنگی ژینگەو دەوروبەر جا. ئەگەر کەسانێک هەبن نەتوانن ئازاری گیانلەبەرانی وەکوو مێروولە بدەن هەڵبەت ئەوانە ناتوانن زوڵم لە هاوڕەگەزانی خۆیان بکەن!.

بە داخەوە تا کو ئێستا ئەو هۆشمەندیە بۆ پاراستنی ژینگە لەلای ئێمە هەستی پێناکرێت و ڕۆشنبیری پاراستنی ژینگە لەلای ئێمە زۆر کزە هەر ئەوەش وای کردووە کە ببینە هۆکار بۆ پیس بوونی زۆر لەوشتانەی کە بەکاریاندەهێنین وەکوو خۆراک یان پێداویستیەکانی ژیان. و لە ئەنجامدا تووشی دەیان نەخۆشی هەمەچەشنە ببین کە چاکبوونەوەیان زۆر زەحمەتە، . لە ئەنجامی بەکارهێنانی نەوتبەو ڕێگە (تەقلیدیەی) ئێستا هیچ ماڵێک نیە ساڵانە دایان لیترو زیاتریش نەرژێنێتە ئەو دەوروبەرەو کاتێک کە لەگەڵ ئاوەرۆ فرێدەدرێتە دەرەوە واتێدەگەین ئیتر تەواو کۆتایی هات. . هەروەها سەدان لیتر لە ڕۆنی پیسی سەیارە دەکرێتە ناو ئاوەرۆکانەوە (لە کوردستان دەزگای چارەسەری واتە معالجە مان نیە) و کەس لێپرسینەوە لە خاوەنی غەسلەکان، بەنزین فرۆشی سەرشەقامەکان هەتتا بانزینخانەکانیش ناکات ئەمە جگە لەو سەیارانەی کە ڕۆژانە ڕۆن وگازیان لێ دەتکێ. باشە ئەو ماددە نا ئۆرگانیانە (نائەندامیانە) کە بڵاو دەبنەوە بۆ کوێ دەچن!؟ یان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەچنە لەشمانەوەو لەوانەیە تووشی چەندان نەخۆشیمان بکەن هەروەها لەوانەیە ئەو زەویانەی کە بە خەستی بەریان دەکەوێت هیچی تر بە

کەڵکی بەکارهێنانی کشتوکاڵی نەیەن. لە ئەڵمانیا دەڵێن بۆ پاککرنەوەو چارەسەری تەنها یەک دڵۆپ ڕۆن پێویستیمان بە 300 لیتر ئاوی پاک دەبێت بۆیە سزای ڕژاندنی تەنها یەک دڵۆپ ڕۆن دەگاتە 150 یۆرۆ! لەلای ئێمە هەمووومان واتێدەگەین کە پاشماوەی ئادەمیزاد پیس ترە لە ڕۆن و گازۆیل ونەوتی ڕەش و ڕۆنی سەیارە بەڵام بە پێچەوانەی ئەوە ڕاستە وئەو پاشماوەیە ماددەی ئۆرگانین و دەکرێت سوودیشی لێببینرێت بۆ کشتوکاڵ هەرچی ئەوانی ترن وانین و مرۆڤ تووشی ژاراوی بوون دەکەن. ڕۆشنبیری ژینگە زۆر پێویستە تاکو هەمو کەس لە مەترسیەکانی بگات و بزانێ هاوسەنگی چەند پێویستە بۆ دەوروبەر. بۆیە حوکمەتی ئێمە دەبێ لە ڕێگەی کەناڵە جۆر بەجۆرەکانی میدیاوە ئەو ڕۆشنبیریە بڵاو بکاتەوەت دەگەینە ئەوەی کە ئەو دەوروبەرەمان خۆش بوێت و بیپارێزین بەهەموو روەک و گیانلەبەرەکانیەوەو واز لەو شەرە یەک لایەنەش بێنین لەگەڵ ژینگەو دەوروبەر!!!.